تەندروستی سلەمانی:ئەو هاووڵاتیەی توشبووی تای خوێنبەربوون بوو نەخۆشخانەی بەجێهێشت

تەندروستی سلەمانی رایگەیاند، ئەو هاووڵاتیەی لە چەند رۆژی رابردوودا دەرکەوت تووشبووی تای خوێنبەربوونە، دوای نزیکەی ١٠ رۆژ لە وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی بە تەندروستییەکی باشەوە نەخۆشخانەی جێهێشت.

بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلەمانی لە راگەیەندراوەکدا باویکردەوە، دوای ئەوەی چەند رۆژی رابردوو، هاووڵاتیەکی تەمەنی ٢٣ ساڵی خەڵکی کەرکوک، سەردانی نەخۆشخانەی شاری کرد و دەخی تەندروستی ناجێگیربوو، پاش ئەنجامدانی پشکنینی سەرەتایی چەند نیشانەیەکی ڤایرەسی تای خوێنبەربوونی تیادا بەدیکرا و پشکنینەکانی نەردرا بە تاقیگەی تەندروستی ناوەندیی بەغداد.

ئاوێشی خستووەتەڕوو، لە ئەنجامی پشکنینەکانی تاقیگەی تەندروستی ناوەندیی بەغداد، دەرکەوت ئەو هاووڵاتیە توشبووی تای خوێنبەربوونە و دەستبەجێ دەستکرا بە چارەسەرکردنی بەپێی پرۆتۆکۆڵی زانستی.

ئاماژەی بۆشداوە، دوای هەشت رۆژ لە وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی، ئەو هاووەتیەی تووشی ڤایرەسی تای خوێنبەربوون بوو بە تەندروستیەکی باشەوە ڕەوانەی ماڵەوە کراوەتەوە.